# سەرنجێک لەسەر (هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو) و (ناوی بکەری داڕێژراو)

ئامادەکردنی: م. عبدالله عبدالقادر علی

یەکشەممە (٣-٣-٢٠٢٤)

**ئەمەی خوارەوە لەسەر داوای بەڕێزێک نووسیومە و ڕای منە و وەک ڕایەک سەیری بکەن. بەڵام دڵنیام بابەتێکی وردە و دەبێت وردتر لێی بکۆڵرێتەوە.**

بەپێی کتێبی (کوردی)ی پۆلی (١١)، چاپی (٢٠٢٣)، بابەتێکمان هەیە بە ناوی (هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو)، کە دەشتوانین وەکو (ناوی بکەری داڕێژراو) لە ڕستەدا بەکاریبهێنین.

هەرچەندە بەپێی هەندێک سەرچاوە دەڵێن بەپێچەوانەوەیە، واتە (هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو)، لە بنەڕەتدا (ناوی بکەری داڕێژراو)ە، کە دەتوانن پۆلی خۆیان لە (ناو)ەوە بۆ (هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو) بگۆڕن.

بە هەر حاڵ ئێمە واز لەمە دەهێنین و وەکو کتێبی (کوردی)ی پۆلی (١١)، وەک (هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو) دەیخوێنین و دەشتوانین وەکو (ناوی بکەری داڕێژراو) لە ڕستەدا بەکاریبهێنین.

(هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو) لە ڕستەدا ئەرکەکانی (دیارخەری ناو) و (تەواوکەری ڕاستەوخۆی کاری ناتەواو) دەبینێت.

بەڵام (ناوی بکەری داڕێژراو) لە ڕستەدا هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینێت، لە ئەرکەکانی (نیهاد، بکەر، بەرکار، جێگری بکەر، تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو، تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو) هیچ گرفتێکی نییە و ناوە و جیاکردنەوەی زۆر ئاسانە، بەڵام لە ئەرکەکانی (دیارخەری ناو) و (تەواوکەری ڕاستەوخۆی کاری ناتەواو) تۆزێک زەحمەتە.

واتە لەم دوو ئەرکەدا (دیارخەری ناو) و (تەواوکەری ڕاستەوخۆی کاری ناتەواو) وشە داڕێژراوەکە هاوفۆڕمن، بۆیە دەبێت جیایبکەینەوە، لە خوارەوە هەوڵدەدەم چەند خاڵێک بخەمە ڕوو بۆ جیاکردنەوەیان:

م. عبدالله عبدالقادر علی

**١- (وشە داڕێژراو)ەکە لە دیارخەری ناودا، ئەگەر (ەکە)، یان (ەکان)ی پێوە بوو و ئامرازی دانەپاڵی (ی)یش بەکارهاتبوو، هەمیشە (ناوی بکەری داڕێژراو)ە، ئیتر ناوە دیارخراوەکە تاکی نەناسراو، یان تاکی ناسراو، یان کۆی ناسراو بێت.**

**نم/ پیاوی بکوژەکە دەناسمەوە.**

**نم/ پیاوی بکوژەکان دەناسمەوە.**

**نم/ پیاوێکی بکوژەکە دەناسمەوە.**

**نم/ پیاوێکی بکوژەکان دەناسمەوە.**

**نم/ پیاوەکەی بکوژەکە دەناسمەوە.**

**نم/ پیاوەکەی بکوژەکان دەناسمەوە.**

**نم/ پیاوەکانی بکوژەکە دەناسمەوە.**

**نم/ پیاوەکانی بکوژەکان دەناسمەوە.**

**لەم ڕستانەی سەرەوەدا (بکوژەکە) و (بکوژەکان) ناوی بکەری داڕێژراون و دیارخەری ناون.**

**٢- (وشە داڕێژراو)ەکە لە دیارخەری ناودا، ئەگەر ناوە دیارخراوەکە تاکی ناسراو، یان کۆی ناسراو بوو و ئامرازی دانەپاڵی (ە)یش بەکارهاتبوو و نیشانەی (ەکە، ەکان) لە کۆتاییی (وشە داڕێژراو)ەکەدا بوو، هەمیشە (هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو)ە.**

**نم/ پیاوە بکوژەکە دەناسمەوە.**

**نم/ پیاوە بکوژەکان دەناسمەوە.**

**لەم ڕستانەی سەرەوەدا (بکوژ) هاوەڵناوی بکەری داڕێژراوە و دیارخەری ناوە.**

م. عبداللە عبدالقادر علی

٣- (وشه دارِێژراوەکە) لە دیارخەری ناودا، ئەگەر ناوە دیارخراوەکە نەناسراو و ئامرازی دانەپاڵی (ی)یش بەکارهاتبوو، لە نووسیندا جیاکردنەوەی زەحمەتە و دەکرێت (هاوەڵناوی بکەری دارِێژراو) بێت و دەشکرێت (ناوی بکەری دارِێژراو) بێت.

نم/ کورِی نووسەر رِۆشنبیرە.

(نووسەر) لەم رِستەیەی سەرەوەدا دەکرێت:

أ- (نووسەر): هاوەڵناوی بکەری دارِێژراو بێت، چونکە وەڵامی وشەی پرسی (چۆن) دەداتەوە و دەتوانین هەر هاوەڵناوێکی تر لە جێگەی دابنێین.

بۆ نموونە: کورِی چۆن رِۆشنبیرە؟ وەڵام/ کورِی باش رِۆشنبیرە.

ب- (نووسەر): ناوی بکەری دارِێژراو بێت، چونکە وەڵامی وشەی پرسی (کێ) دەداتەوە و دەتوانین جێناوێکی سەربەخۆ، یان هەر ناوێکی تر لە جێگەی دابنێین.

بۆ نموونە: کورِی کێ رِۆشنبیرە؟ وەڵام/ کورِی ئەو رِۆشنبیرە.

بۆ نموونە: کورِی کێ رِۆشنبیرە؟ وەڵام/ کورِی محەمەد رِۆشنبیرە.

تەنانەت ئەگەر ناوە دیارخراوەکە نیشانەی (ێک)یشی پێوە بێت.

نم/ کورِێکی نووسەر هات.

(نووسەر) لەم رِستەیەی سەرەوەدا دەکرێت:

أ- (نووسەر): هاوەڵناوی بکەری دارِێژراو بێت، چونکە وەڵامی وشەی پرسی (چۆن) دەداتەوە و دەتوانین هەر هاوەڵناوێکی تر لە جێگەی دابنێین.

بۆ نموونە: کورِێکی چۆن هات؟ وەڵام/ کورِێکی باش هات.

ب- (نووسەر): ناوی بکەری دارِێژراو بێت، چونکە وەڵامی وشەی پرسی (کێ) دەداتەوە و دەتوانین جێناوێکی سەربەخۆ، یان هەر ناوێکی تر لە جێگەی دابنێین.

بۆ نموونە: کورِێکی کێ هات؟ وەڵام/ کورِێکی ئەو هات.

بۆ نموونە: کورِێکی کێ هات؟ وەڵام/ کورِێکی محەمەد هات.

م. عبدالله عبدالقادر علي

**٤– (وشە داڕێژراوەکە) لە ئەرکی تەواوکەری ڕاستەوخۆی کاری ناتەواودا، ئەگەر هیچ نیشانەیەکی وەکو (ەکە، ەکان، ێک)یان پێوە نەبوو، لەم ئەرکەشدا هەندێک جار لە نووسیندا جیاکردنەوەی زەحمەتە و دەکرێت (هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو) بێت و دەشکرێت (ناوی بکەری داڕێژراو) بێت.**

**نم/ ئەوە بکوژە.**

**(بکوژ) لەم ڕستەیەی سەرەوەدا دەکرێت:**

**أ– (بکوژ): هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو بێت، چونکە وەڵامی وشەی پرسی (چۆن) دەداتەوە و دەتوانین هەر هاوەڵناوێکی تر لە جێگەی دابنێین.**

**بۆ نموونە: ئەوە چۆنە؟ وەڵام/ ئەوە زیرەکە.**

**ب– (بکوژ): ناوی بکەری داڕێژراو بێت، چونکە وەڵامی وشەی پرسی (کێ) دەداتەوە و دەتوانین جێناوێکی سەربەخۆ، یان هەر ناوێکی تر لە جێگەی دابنێین.**

**بۆ نموونە: ئەوە کێیە؟ وەڵام/ ئەوە ئەوە.**

**بۆ نموونە: ئەوە کێیە؟ وەڵام/ ئەوە محەمەدە.**

**هەرچەندە ڕستەی (ئەوە بکوژە.) دەتوانین وەکو ڕستەیەکی داخوازیش لێ تێبگەین و بڵێین (بکوژە) کاری داخوازییە.**

**٥– (وشە داڕێژراوەکە) لە ئەرکی تەواوکەری ڕاستەوخۆی کاری ناتەواودا، ئەگەر نیشانەیەکی وەکو (ەکە، ەکان، ێک)یان پێوە بوو، بە ڕای من زیاتر بە لای (ناوی بکەری داڕێژراو)دا دەچێت.**

**نم/ ئەوە بکوژەکە بوو.**

**نم/ ئەوە بکوژەکان بوون.**

**نم/ ئەوە بکوژێک بوو.**

**لە کۆتاییدا، ئەمە بۆ (هاوەڵناوی بکەری لێکدراو و ناوی بکەری لێکدراو)یش ڕاستە.**

**هیوادارم مامۆستایانی بەڕێزیش بابەتەکە دەوڵەمەند بکەن.**



م. عبدالله عبدالقادر علی